

مەهاباد قەرەداغی

# سووتان

با بسووتێم!
خۆ لە سووتانم بڵێسە و ڕووناکایی دروست دەبێ
خۆ ڕاوی شەوەزەنگ دەنێم!
خۆ لە جەستەی من نەورۆزێک هەڵدەگیرسێ
خۆ پەروانە شاد دەبێ پێم!



با بسووتێم!
خۆ لە گڕی چاوەکانم
مەشخەڵێکی سوور هەڵدەبێ
خۆ سروودی ژیانەوە
بۆ کوردستانی خۆم دەڵێم!



کە نەسووتێم..
کە بۆ ئەم عەشقە گەورەیەم
نەبم بە شەم

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**چۆن دەتوانم پەیامی ئاشتی و ئازادی**
**بۆ دوارۆژی هیوام ببەم؟!**



**با بسووتێم!**
**با چیتر ژنی ناو ماڵی تاریک نەبم**
**با بە هەورازا هەڵزنێم**
**چیتر ڕێبواری ڕێی چۆڵ و باریک نەبم!**



**با لە گەرمەی تێکۆشانا**
**بە گڕی هەناسە و گیانم**
**دەوروبەرم ڕۆشن ببێ**
**با لە جەستەی من  نەورۆزێ**
**بۆ کوردستان دروست ببێ!**



...

**٢-١١-١٩٨٨**
**کفری**
لە دیوانی (هاژەی ڕۆح)ەوە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت